# ناسیۆنالیزم مایەی شەرمەزاریە بۆ بەشەر!

## لە وەڵامی هەفتەنامەی "چاودێر"دا

رێبوار ئەحمەد

لە ژمارە 80ی رۆژی 2006/6/5ی هەفتەنامەی "چاودیر"، لە وەلام بە نوسراویکی سامان کریمدا، ئازاد عەلی بە بەهانەی "توندبوونی ووتارە رەخنەیی"یەکەی سامان کریم، جاریکی تر جامی غەزەبی خۆی لە دژی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری هەلرشتوەو کۆمەلیك مەسەلەشی وروژاندوە، کە هەولدەدەین لەم نوسراوەدا وەلامیان پیبدەینەوە.

هەلبەت ئەم رەخنەگرە بەریزەی ئیمە، هەندیکجار کە بە ناوی واقعی خۆیەوە قسە دەکات، وەکو چەپو تەنانەت لە کاتی پیویستدا وەکو لایەنگری مارکسیزم خۆی هەلدەخاتو گوایە رەوتی ئاشتیخوازانەو دۆستداری ناو یەکیتی لەگەل چەپو کۆمۆنیستەکان نوینەرایەتی دەکات. بەلام بە تایبەت ئەمجارە کە لەو دیوی پەردەوە قسە دەکات، رقو کینەیەکی زۆری لە چەپو کۆمۆنیزم هەلرشتوە. ئەم رقوکینەیەی وای کردوە کە لەم دەورە ئاشتیخوازانەیەیدا ناکامو بێسەمەربیت. دەلێن زۆربەی ئەوانەی لە رابردوودا لەسەر چەپ حیساب بووبن، بۆ ئەوەی قەرەبوی رابردوو بکەنەوە، کاتیك هەلدەگەرینەوە، لە راستەوە رەسەنەکان توندتر دژایەتی چەپو کۆمۆنیزم دەکەن. بەم پیشەکیەوە دەچینە ناو وەلامی ئەو مەسەلانەوە کە وروژاندونی، هەلبەت راستیو ناراستی ئەو کۆبونەوانەی باسکراوە تیکەل بەم جەدەلە فکریو سیاسیە ناکەم.

### ناسیونالیزمو مایەی شەرمەزاری

بەلی ناسیونالیزم مایەی شەرمەزاریە بۆ بەشەر. ئەوە مایەی شەرمەزاریە کە ناسیونالیزم ئینسانەکان لەسەر بناغەی ناسنامەی میللی لیکجیادەکاتەوەو بەرامبەر بە یەك رایاندەگریتو کوشتاری یەکیان پیدەکات. ناسیونالیزم ناسنامەی هاوبەشی ئینسانی بۆ هەمووان بە رەسمی ناناسیَ، ئینسان بە پیَی زمانی قسەکردنو ناسنامەی دروستکراوی میللی، وەکو بونەوەری لیکجیاواز دەستەبەندی دەکات. هەر ناسیونالیزمیکیش میللەتی خۆی، لە هەموو میللەتانی تر، لە پیشترو بانترو رەسەنتر دادەنیت. لەسەر ئەم بناغەیە ناسیونالیزمی ئەلمانی نازیزمی بەرهەم هیناو کورەی ئینسانسوتاندنی بۆ یەهودیەکان دانا، ناسیونالیزمی ئیتالی فاشیزمی بەرهەمهیناو ناسیونالیزمی روسیش ستالینیزم. ناسیونالیزمی عەرەب جینۆسایدی ئەوانەی کرد کە ناسنامەی میللی کوردیان بەسەردا دابرابوو... دەکریَ لەم بارەیەوە لیستیکی گەورە لە نمونە بهینینەوە.

ناسیونالیزم بە چەکی جەرسومی میشکی هاولاتیان بۆمباران دەکات، ئەوە دەخاتە میشکیانەوە کە تەنها لەسەر بناغەی جیاوازی زمانی قسەکردنو شوینی لەدایکبوون، هاورەگەزەکانی خۆیان بە دوژمن بزانن. ناسیونالیزم هەزارو یەك شیعرو گۆرانیو چیرۆكو پەخشانو دروشم بۆ برەودان بە دەمارگیری قەومیو سوکایەتی کردن بەو ئینسانانە دەهۆنیتەوە کە ناسنامەیەکی نەتەوەیی دیکەیان بەسەردا دابراوە. فیری ئەوەیان دەکات لەسەر بناغەی خەسلەتی میللیو ناسیونالیستی رژیمیکی ناسیونال- فاشیستی وەکو بەعس یان دەولەتی تورکیا، هەموو ئەو ملوینەها ئینسانەی کە بە عەرەبیو تورکی قسەدەکەن، لە هاوشان ئەو رژیمانەوە دابنینو بلین "عەرەب" هەمووی خراپە یان "تورك" هەمووی خراپە یان "عەرەبو تورکو فارس دوژمنی کوردن". ناسیونالیزمی کوردیش بەوە بە ناوبانگە کە دەلی "ئەگەر هەموو میللەتانی تر نەوەی مەیمونبن، ئەوە کورد نەوەی شیرە" یان دەلیّ "دەبی پیش ئەوەی ئینسان بیت کورد بیت" ئەمانە باوترین دەستەواژەکانی ناسیونالیزمی کوردن. ئایا بەراستی ئەم جۆرە بیروباوەرو بیرکردنەوەیە مایەی شەرمەزاری نیە بۆ بەشەر؟

هەلبەت نوسەری "چاودیر" تەنها لەوە نیگەرانە کە ئەم مایەی شەرمەزاریە ناسیونالیزمی کورد بگرێتەوە، بۆیە جیگای خۆیەتی جیاواز لەوانەی لە پیشەوە باسمانکرد کە هەموو ناسیونالیزمیك دەگرێتەبەر، لە رووی میژووو کارنامەی ناسیونالیزمی کوردیشەوە، هەمان ئەو مایەی شەرمەزاریە نیشانبدەین. ناسیونالیزم لەژیرناوی "لە پیناو بەرژەوەندی میللەتەکەمدا" دەستتیکەلاوکردنو پاشکۆیەتیو کریگرتەیی، بۆ کۆنەپەرستانەترینو دژی ئینسانی ترین، هیزو دەولەتان پاساو دەدات. ئەگەر سەرنجی میژووو کارنامەی ناسیونالیزمی کورد بدەین، هەموو ئەوانەی بۆ رژیمی بەعسو جمهوری ئیسلامیو دەولەتی فاشیستی تورکیا کردوە، ئامرازی دەستی رژیمی شاو ئیسرائیلو ئەمریکا بووە، تەنانەت هەر بالیکی لە پیناو بەرژەوەندی خۆیدا، وەکو خۆشخزمەتی بۆ دەولەتانی کۆنەپەرست، بالو هیزەکانی دیکەی بزووتنەوەکەی خۆی سەرکوتو کوشتار کردوەو پیلانی لیّگیراوە. سەرانی ناسیونالیزمی کورد بە نۆرە دەستی شاو ملی صدامو ریشی خومەینیو شانی تۆرکۆت ئۆزال....یان، ماچ کردوە.

وەکو دەسەلاتیش ئەوە 15 سالە ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عیراق بە نرخی خۆگریدانەوە بە کۆنەپەرستانەترین بەرەی جیهانیەوە، حوکمرانی دەکات. لەم 15 سالەدا بە هەمان یاساکانی بەعس کاری کردوەو ئەمە بە پیَی بەلگەنامەکانی یەکیتی یەکیك بوو لە هۆیەکانی پەلاماری چەکدارانەیان بۆ سەر حیزبی ئیمە. لە سایەی ئەم دەسەلاتەدا هەژاریو بیدەرەتانییەکی گەورە بەسەر خەلکدا سەپینرا، پەلاماری فراوان بۆ کوشتاری ژنانو لەژیرپێنانی مافەکانیان بەریخرا، لە پیناو دابەشکردنی دەسەلات لە نیوان خۆیاندا، شەری ناوخۆیان هەزاران کەسی کرد بە قوربانیو هەزاران مالی هاوزمانو "هاونەتەوە"ی خۆیان دەربەدەرو ئاوارە کرد."یەکیتی خاکی پیرۆزی نیشتمانیان" کرد بە قوربانی دەسەلاتی حیزبی. "گەل"یان لەسەر بناغەی سۆرانیو بادینی لە نیو خۆیان دابەشکرد. بە دانانی

گومرك له نیوان شارەكانی ناو یەك هەریمدا، لەسەر سەرەتاییترین پیداویستیەكانی ژیانی رۆژانەو تەنانەت شیری مندالانی كوردستان، خەرجی شەرو تەلاری شاهانەی خۆیان دابینكرد. دزیو تالانیو گەندەلی لە رادەبەدەر بووە بەرجەستەترین تایبەتمەندیەكانی حكومەتی كوردی. سەركوتی ئازادیە سیاسیەكانو تەقەكردن لە خۆپیشاندانە جەماوەریەكانو تیرۆرو فراندنی هەلسوراوانی سیاسیو چەپو مخالف، هەردوو "هەریم"ی گرتەبەر. كاتیك رژیمی بەعس رووخا، دەركەوت كە لایەكی سەرانی پایەبەرزی ناسیونالیزمی كوردو سەركردەكانی "شۆرشی نوێ" كریگرتەی ئەم رژیمە فاشیستە بوون. ئەگەر جمهوری ئیسلامیو دەولەتی توركیاش بروخین دەردەكەوێ كە ئەوانیش چەندە فایلداریان لە نیو سەرانی ئەم حیزبانەدا هەیە. ئەمانەو هەزاران بەلگە لە پشتی ئەو راستیەوە راوەستاون كە ناسیونالیزم مایەی شەرمەزاریە بۆ بەشەر.

## كۆمۆنیزمی كریكاریو دانیشتن لەگەل ناسیونالیزم

نوسەری "چاودیر" بە سادەیی خۆی پێی وایە ئەگەر راستی ئەو هەوالە بە خەڵك بقەبلینێ كە حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریو دوو لایەنی ناسیونالیستی كوردی لەگەل یەك دانیشتون بۆ پیكهینانی بەرەیەكی ئۆپۆزیسیون، ئیتر ناكۆكیەكی گەورەی لەگەل ئەو قسەیە دۆزیوەتەوە كە دەڵێین: ناسیونالیزم مایەی شەرمەزاریە بۆ بەشەر. لەم بارەیەوە دەلی "ئەو حیزبەی هەتا ئیستاش ئەو سیاسەتەی نەگۆریوە، ریكو رەوان لەگەل دوولایەندا دادەنیشێ، كە هەردوولایان، لە یەكیتی نیشتمانیو پارتی دیموكراتی كوردستانیش، خۆیان بە ناسیونالیستتر دەزانن، ئاخۆ دەبی ئەم حیزبە ، بە چ پاساویكی سیاسی، پاساو بۆ حوكمی شەرمەزاریەكەیان لەسەر ناسیونالیزم بهیننەوە...."

پیش هەر شتیك پیویستە ئەوە بۆ كاك مەلا ئازاد راستبكەینەوە كە حوكمی "ناسیونالیزم مایەی شەرمەزاریە بۆ بەشەر" سیاسەت نیە، بەلكو رەخنەیەكە لە ئایدۆلۆژی ناسیونالیزم. پاشان پیداگری لەسەر ئەم حوكمەو هاوكاتیش دانیشتن لەگەل لایەنەكانی ناسیونالیزمی كورد، پاساو هینانەوەی ناوێ، بۆ كەسیك كە بریك قولتر لەم بەریزە سەری لە سیاسەت دەرچیت ئەم ناكۆكیە بە ئاسانی هەزم دەكریت. ئەمە پاساوی ناویت چونكە بنەمای دانیشتنی ئیمە لەگەل ئەحزابی دیكە سیاسەتو هەلویستی سیاسیە نەك ئایدۆلۆژی. ئیمە سالەهایە لە كوردستان، سەرباری ئەوەی ناسیونالیزم بەشەرمەزاری دەزانین بۆ بەشەر، لەگەل ئەحزابی ناسیونالیستو حكومەتەكانیان، دانیشتوینو پەیوەندیمان بووەو تەنانەت لەگەل یەكیتی نیشتمانی لە هەلبژاردنی مامۆستایاندا، بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی، هاوپەیمانیمان دروستكرد. ئیمە هەمیشە راشكاوانە رامانگەیاندوە، كە بەدەر لە جیاوازیو ناكۆكی ئایدۆلۆژیو فكریمان، دەكریت لەگەل یەلانێتر دانیشینو تەنانەت لەسەر مەسەلەكانی وەكو، بەرگرتن لە دەخالەتی دەولەتانی ناوچەكە لە كوردستان، رووخاندنی رژیمی بەعس، ریشەكیشكردنی تیرۆریزمی ئیسلامی، پاراستنی ئازادی سیاسی، جیایی دین لە دەولەت، بەرگری لە مافەكانی ژنانو یەكسانی مافی ژنانو پیاوان، جیابونەوەی كوردستان... بەیانو بریارنامەی هاوبەشو كاری هاوبەشمان هەبیت. ئەم كارەشمان كردوەو شانازیشی پیوە دەكەین. نوسراوەی "سیناریۆی رەشو سیناریۆی سپی – منصور حكمت" زۆر بە رۆشنی بنەمای ئەم مەسەلەیەی لە روانگەی كۆمۆنیزمی كریكاریەوە رۆشنكردوەتەوە.

## حیزبی كۆمۆنیست، هەلبژاردن، راپەرین، پشتیوانی هاوپەیمانەكان

"چاودیر" سەرزەنشتی ئیمە دەكات كە لە هەلبژاردنی پەرلەمانی 1992دا بەشداریمان نەكردوەو لەم بارەیەوە دەلی "حیزبی كۆمۆنیست لەسەردەمی رەوتی كۆمۆنیستەوە، دژایەتی هەلبژاردنی پەرلەمانیان كرد، چونكە پێیان وابوو، ئەو هەلبژاردنە كاتیەو، سەركەوتنی راپەرینیش كاتیەو پشتیوانی هاوپەیمانانیش كاتیە..."

راستە ئیمە تەحریمی هەلبژاردنی 1992 مان كرد، بەلام نەك بەو بەلگانەی كە "چاودیر" باسی دەكات. رەخنەی ئیمە نە لە كاتی بوونی هەلبژاردنو نە لە كاتیبوونی "سەركەوتنی راپەرین"و نە لە كاتیبوونی "پشتیوانی هاوپەیمانان" نەبوو. ئیمە ووتمان ئەم هەلبژاردنو پەرلەمانە كارتۆنیە، ووتمان حكومەت بەبێ حەقی حاكمیەتی بەرەسمی ناسراو بە هیچ كوێ ناگات، ووتمان لە پیشدا دەبی حەقی حاكمیەتو دامەزراندنی دەولەت مسۆگەر بكریت. لیكدانەوەكەی ئیمە دروست بوو، كاتیك كە هەلبژاردن ئەنجامدرا، یەكیتیو پارتی دەنگەكانی خەلكیان كردە تەنەكەی خۆلەوەو لەسەر بناغەی هاوسەنگی عەسكەریان پیكەوە دانیشتنو دەسەلاتیان نیوبەنیو لە نیوان خۆیان دابەشكرد، لە یەكەمین سالرۆژی هەلبژاردنیشدا خۆیان شەقیان لە حكومەتو پەرلەمانی هاوبەش هەلداو كەوتنە شەرو كوشتاری یەكو تیكوپیكدانی ژیانی خەلك.

لە بارەی راپەرینیشەوە "كاتیبوونی سەركەوتنی راپەرین" جیگای باسی ئیمە نەبوو، بەلكو بە دروست مەسەلەی ئەصلی لە لكدانەوەی ئیمەدا، ئەوەبوو كە بە هۆی زالبونی ئاسۆی ناسیونالیستی گریدراو بە سیاسەتی كۆنەپەرستانەی ئەمریكاوە، رووی لەوە نیە ئاواتو ئامانجەكانی خەلك دەستەبەر بكات، رووی لەوە نیە دەسەلاتو ئیرادەی خەلك بەرپابكات. 15 سالی رابردوو، ئەمرۆشی لەگەل بیت، دروستی لیكدانەوەكەی ئیمەی سەلماندوە. نەفرەتو بیزاریو تورەیی ئیستای خەلك، لە سەركوتو گەندەلی بەهیزترین بەلگەی ئەم راستەیەیە.

دیسانەوە بنەمای رەخنەی ئیمە لە "پشتیوانی هاوپەیمانان" كاتیبونەكەی نەبوو، بەلكو لە خودی پشتیوانیەكەو باجەكەی بوو. هاوپەیمانەكان پشتیوانیان لە مافو خواستی سیاسی خەلكی كوردستان نەكرد، یەكیتیو پارتی بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان مەسەلەكەیان بەم جۆرە لیكدەدایەوە، سیاسەتو نەخشەی

هاوپەیمانەکان ئەوەبوو کە ناوچەی ئارامی سەروی هیلی 36 بکەن بە ئامرازیك بۆ دەخالەتو ملهوری سەربازی خۆیان لە ناوچەکەدا، هاوکات لەم چوارچیوەیەشدا ناسیونالیزمی کوردیان کرد بە دەسکەلای سیاسەتی کۆنەپەرستانەیان. لە بەرامبەر ئەمەدا ئیدارەی ئۆردوگای ئاوارەیی کوردستانیان بەوان سپارد. بەلام لە هەمانکاتدا هیچ گومان لەوەش نەبوو کە ئەم سیاسەتە کاتیەو لە جیگایەکدا کۆتایی دیت. لە سالی 1991ەوە تا پیش سالی 2001، رەوتی ئالوگۆرەکان بە باری گیرانەوەی کوردستان بۆ ژیر رکیفی رژیمی بەعس دەچوە پیشەوە. ئەمرۆ یەکیتیو پارتی دەتوانن لافی ئەوە لیبدەن کە پیشبینی ئەوەیان کردوە رۆژیك لە سایەی بونیان بە دەسکەلای ئەمریکا بۆ نقومکردنی کۆمەلگای عیراق لە شەرو تیرۆریزمو کارەساتدا، ببن بە شەریکە بەشی دەسەلاتی مەرکەزی عیراق. بەلام ئەمە لافیکی بە تەواوی تەزویرو دورە لە راستیەوە. لە 31ی ئابی 1996دا گاردی کۆماری بەعس، بە دەبابەکانی پەلاماری شاری هەولیریداو داگیری کرد، بەبیٚ ئەوەی بنکەی ئەنجەرلیك هیچ کاردانەوەیەك لە خۆی نیشانبدات. لە سالانی ئەخیری ئەو دەورەیەدا، هاوسەنگی سیاسی بە خیرایی بە قازانجی سەقامگیربونەوەی دەسەلاتی بەعس دەگۆرا، ئابلوقەی ئابوری هەنگاو بە هەنگاو دەپوکایەوە، ئەمریکا ناچاربوو پاشەکشە بکاتو پەنا بۆ "ئابلۆقەی زیرەکانە" بەریت، بەلام ئەوەشی بۆ نەچەسپینرا. دوو مانگ پیش رووداوەکانی 11ی سەپتەمبەر کاتیك کە تەها یاسین رەمەزان هەرەشەی لە یەکیتیو پارتی کرد، مەکتەبی سیاسی هەردولایان بە پەلەپروزیٚ کۆبونەوەو لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، کەوتنە پارانەوە لە "میری" و صدامی فاشیستیان بە "سەرۆك کۆماری شەرعی عیراق" ناوبرد.

لە هەلومەرجیکی بەم جۆرەدا، لە ناکاوو بە شیوەیەکی بۆ هیچ کەس چاوەروان نەکراو، تیرۆریزمی ئیسلامی، لە 11ی سەپتەمبەری 2001دا، لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، هەزاران هاولاتی بیٚتاوانی ئەمریکای کرد بە سوتەمەنی شەری خۆی لەگەل دەولەتی ئەمریکا. بەم جۆرەش ئەم هەزاران قوربانیە بوون بە بەهانەی دەورەیەکی تازەی هیزنواندنی ئەمریکاو تیوەچونی لەشەریکی تیرۆریستیدا لەگەل تیرۆریزمی ئیسلامی. کارەساتی 11ی سەپتەمبەرو هەلگیرسانی شەری تیرۆریستی نیوان ئەم دوو جەمسەرە تیرۆریستیە، بۆ هەمموو خەلکی دنیاو بەشەریەتی ئازادیخواز مایە نیگەرانیەکی گەورەو خەتەریکی کەم وینەبوو، بەلام بۆ ناسیونالیزمی کورد مایەی پەیداکردنەوەی ئومید بوو. هەر ئەمە بەجیا لە هەمموو شت بەلگەی "مایەی شەرمەزاربوونی ناسیونالیزم" بوو.

## ئۆردوگابونی کوردستان، ریفراندۆمو خواستی جیابونەوە

بەلی ئیمە بە دریژایی ئەو چەند سالە ووتمان کوردستان لە کۆمەلگایەکی مەدەنیەوە گۆراوە بۆ ئۆردوگایەکی ئاوارەییو ئەحزابی چەکبەدەستی ناسیونالیستی کوردیش کراون بە پاسەوانی ئەو ئۆردوگایە. خەلك لە مالی خۆیاندا ئاوارەبوونو بە کۆمەکی خیرخوازانەی ریکخراوە جیهانیەکان ژیانی ئاوارەییان بەسەر دەبرد. کوردستانی سەرگەردان چارەنوسی هەلواسرا، بیکاریو هەژاریو برسیتی کەمەرشکین سایەی کرد، ئەحزابی ناسیونالیست بوون بە تالانچیو ئاودیوکەری هەمموو شتیکی ئەم کۆمەلگایە کە بەهایەکی هەبوبیت. کوردستان مەعلوم نەبوو لە جوگرافیای سیاسی دنیادا کویٚیە. تەنانەت سەرانی حیزبو حکومەتەکەی نوسەری "چاودیر" بۆ هاتو چۆی دەرەوە یان دەبوو پاسەپۆرتی پەنابەری سویدو وولاتانی ئەوروپایی بەکاربهینن یان پاسەپۆرتی تەزویری عیراقی دروستبکەن.

منصور حکمت بۆ دەربازکردنی کوردستان لەم سەرگەردانیە، هاوکات بۆ چارەسەری ریشەییو عادلانەی کیشەی کوردو ستەمی میللی، بەرگری لە خواستی جیابونەوەی کوردستانی عیراقو دامەزراندنی دەولەتیکی سکولارو غەیرە قەومی کرد. بۆ ئەمەش داوای بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی گشتیو ئازادانەی کرد بۆ خەلکی کوردستان. ناسیونالیزمی کورد ئەم ریگاچارە عادلانەیەی لە بەرژەوەندی خۆی نەبینیەوە، دەسەلاتی مسۆگەری میلیشیایی خۆی بە قازانجتر دەزانی، تا سەرفرازبوونی خەلك لە ستەمو سەرگەردانی. بۆیە بە توندی کەوتە دژایەتی کردنی ئەم سیاسەتو ریگاچارە کارسازە. تەنانەت بەرگریمان لەم خواستە، بوو بە یەکیکی تر لە بەلگەکانی پەلاماردانی حیزبی ئیمە لەلایەن یەکیتیەوە. ئەمە لە شکاتنامەکەی یەکیتی دژی ئیمەدا تۆمارکراوە.

نوسەری "چاودیر" بۆ لەکەدارکردنی ئەم هەلویستو سیاسەتە مەسئولانەیەی ئیمە، باسی ئەوە دەکات کە مەسەلەی ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان بۆ ئیمە تاکتیك بوو. هەلبەت ئەم بەریزە یان خۆی زۆر سیاسیەکی سەتحیە، یان خەلك بە نەفام دەزانیٚ، بۆیە بە مەفهومی عەشایەریو عامی لە تاکتیك دەروانیو وەکو فروفیل لیکیدەداتەوە. لە کاتیکدا تاکتیك یانی ئەوەی کە ئەحزابی سیاسی هەولدەدەن لە هەر هەلومەرجیکدا، لە ریگای خستنەرووی وەلامی خۆیان بۆ کیشەو گرفتە جۆراوجۆرەکانەوە، دەوری رابەریی کۆمەلگا بەرەو ئامانجە سەرەکیەکانی خۆیان بگیرن. هەلبەت جیابونەوەی کوردستان میحوەری "ستراتیژی حیزب لە کوردستان" بوو. بەلام گومان لەوە نیە کە ئامانجی ئیمە هەرگیز لە جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆدا بەرتەسك نابیتەوە. ئیمە بە شانازیەوە ووتومانە کۆمۆنیستینو پیمان وایە خەلکی کوردستان لەگەل ئەوەی مافی خۆیانە لە سەرگەردانیو ستەمی میللی رزگاریان بیت، لە هەمانکاتدا مافی ئەوەیان هەیە لە ستەمو چەوسانەوەی کۆمەلایەتیو ئابوریش رزگاریان بیت، بەدیلی ئیمە بۆ ئەمە سۆسیالیزمە. ئەوەی کە ئیمە تەنها بە جیابونەوەی کوردستانو رزگاری لە ستەمی میللی رازی نابینو داواو ئامانجی زۆرترو بەرزترمان هەیە بۆ خەلك، خالی بەهیزی ئیمەیە، نەك خالی لاواز.

لە دریژەی ئەم باسەدا، نوسەری "چاودیر" هەلویستی ئیمەی لەسەر "بزووتنەوەی ریفراندۆم" وەکو بەلگەیەك هیناوەتەوە، کە بیسەلمینیٚ ئیمە خواستی جیابونەوەو ریفراندۆمان وەکو تاکتیکیك بۆ "بەرپەرچدانەوەی چارەسەری دیموکراسی کیشەی نەتەوەیی بەرامبەر دەسەلاتی کوردستان بەرزکردووەتەوە". هەلبەت ئەمە تەنها دەتوانی ئاکامی تیگەیشتنی خاوی ئەو بیت لە "تاکتیك". بەلام راستی مەسەلەکە ریك بە پیچەوانەوەیە. ئەوە ناسیونالیزمی کوردبوو، کە لە کاتی گونجاوی خۆیدا دژی ریفراندۆمو جیابونەوەی کوردستان راوەستاو ئەم خواستەی بە خەتا لە قەلەمدا، بەلام دواتر بۆ وەرگرتنی بەشە دەسەلاتی خۆیو فیدرالیزم،

فریوکارانەو ناراستەوخۆ، لە ریگای رۆشنبیرانی خۆیەوە هەستی خەلکی بە ریفراندۆمو جیابونەوە هەلخراند، دواتریش نزیکەی 2 ملیون ئیمزا کە لە ژیرناوی ریفراندۆم بۆ جیابونەوەدا کۆکرابووەوە، کرا بە دەستمایەی ساتو سەودای یەکیتیو پارتی بۆ فیدرالیزمو بەشە دەسەلاتی خۆیان لە حوکمەتی مەرکەزی. ئیمە ریك لە دژی ئەم فریوکاریە هەلویستمان گرت.

## کام یاساو کێ گوێی بەیاسا نەداوە؟

سەرئەنجام با قسەیەکیش لەسەر یاساو پیرەویی لە یاسا بکەین. نوسەری چاودیر دەلی "دوابەدوای دامەزراندنی حکومەتیش، ئەمانە هەمیشە وایان سیاسەت کردوە، کە کوردستان ئۆردوگایەکەو ئەوانیش لە ناو ئۆردوگاکەدا، قاوشیکیان هەیەو گوێیان نەدەدا بە یاساو ریساو دادگا..." بەراستی کردنەوەی دەرگای ئەم باسە، بە هیچ جۆریك لە بەرژەوەندی یەکیتی نیشتمانیو ناسیونالیزمی کورددا نیە. ئەوە ئیمەو خەلکین کە هەمیشە یەخەی ئەم حیزبانەمان گرتوە لەسەر پیرەوی نەکردنو پابەند نەبونیان بە هیچ یاساو ریساو دادگایەکی مەدەنی. ئەوانن دەبی وەلام بدەنەوە کە بە کام یاسا شەری ناوخۆیان بەرپاکردو هەزاران کەسیان کرد بە قوربانی؟ بە کام یاسا مالو شەقامو قوتابخانەیان کرد بە مەیدانی جەنگ؟ بە کام یاسا هەزاران خیزانیان بە بەهانەی یەکیتی بوونو پارتی بوون ئاوارەو مالەکانیان تالانکردن؟ بەکام یاسا دیلەکانی شەریان کوشت؟ بە کام یاسا دەستی سوپای پاسدارانو گاردی کۆماریو جەندرمەی تورکیان بۆ سەر خەلکی کوردستان راکیشا؟ بەکام یاسا بوونە چاوساغی دەزگای ئیتلاعات بۆ تیرۆری ئۆپۆزیسیونی ئیرانی؟ بە کام یاساو بە حوکمی کام دادگا بەکر عەلیو نەزیر عمرو رەوف کامیلو ریناسو شیخ عەبدولو هاوکارو ئومیدو هاوریێو محمد مستەفایان تیرۆرکرد؟ بە کام یاسا تەرمەکانی هاوریێیانی ئیمەیان لە تاریکی شەودا خستە ژیرگلەوە؟ بە کام یاسا حەمەی حەلاقو هاوریکانی شەلالی خوینکران؟ بەکام یاسا دەسەلاتی گەندەلو تالانکردنی داهاتی کوردستان پاساو دەدەن؟ بە کام یاسا هەمووتان بوون بە ملیاردیرو خاوەن سەروەتو سامانی لە حیساب نەهاتوو؟ بە کام یاسا تەزکیەی حیزبیتان کرد بە مەرجی لەسەرکار دامەزرانی هاولاتیان، بەکام یاسا ئەو هەموو نایاساییە پاساو دەدەن کە لە نامەی هاوبەشی نەوشیروان مستەفاو کۆسرەت رەسولو عمری سید عەلیدا پەردەی لەسەر لادراوە؟ بە کام یاساو بریاری کام دادگاو کام لیکۆلینەوەی دادگایی، بە قەولی مەلا بەختیار " مەفرەزەی یەکیتی دەنیرن بۆ ئاقلکردنی چەند چەکداریکی حیزبی کۆمۆنیست"؟ ئەگەر رۆژگاریك یاسایەکی مەدەنیو دەسەلاتیکی یاسایی بیتە سەرکار، هەزار پرسیاری لەم جۆرە روبەرووتان دەبیتەوەو دەبی وەلامی بدەنەوە. ئیوە باسی یاسا نەکەن باشترە. لە راستیدا یاسا لای ئیوە بریتیە لەو قەیدو بەندە میلیشیایانەی کە بۆ مخالفی خۆتانی دادەنینو خۆتان بە هیچ یاسایەکی مەدەنی پابەندنین.

ئەگەر تۆزقالیك بە کردەوە پابەندی ئەو دیموکراسیە بن کە هیچ هاولاتیەکی کوردستان بە جدی لیتانی وەرنەگرتووە، ئەوکات دەبی لە جیاتی ئەم رەفتارانەتانو لە جیاتی ئەم هەموو پاساو داتاشینە بۆ پەلاماردانی حیزبی کۆمۆنیست، لە جیاتی ئەم پیداگریە لەسەر سیاسەتی چەوت، لە جیاتی سوربون لەسەر سەرکوتی ئازادی سیاسی، دەبی بە سیاسەتەکانتاندا بچنەوە. ئیوە ئیستا باسی چاکسازیتان گەرمکردوە، لەو چاکسازیەدا بەم لایەنەشتاندا بچنەوە. دەبی بریك سیاسیانەتر بروانن و درك بەوە بکەن کە هەلویستی حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ناسیونالیزمو حکومەتی یەکیتیو پارتیو یەکگرتنەوەیان، بە "رقی پەنگخواردوو" لیکنادریتەوە، ئەوە هەلویستیکی سیاسیەو پشتی بە روانگەیەکی تایبەتی بەستوە بۆ بەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستان. دەست لە قسەی بێ مایە هەلگرنو ئەگەر وەلامیکی سیاسیتان هەیە، وەلامی سیاسی بدەنەوە. ئەوە نەریتی دەسەلاتە دیکتاتۆرەکانە کە بەم جۆرە لەگەل مخالفینی خۆی قسە دەکات بۆ ئەوەی فەزا بۆ سەرکوتکردنیان ئامادە بکات.